# شادمانم

*نوسینی / خەندە جەمال رەئووف*

شادمانم، بەوەی لەم رۆژانەی دواییدا پاڵپشت بەفەتوای هەموو زانایانی ئاینیو لیژنەی فەتوای کوردستان، هەوڵدرا بۆ دارشتنی بڕیارە یاسایەك، کەلەمەودوا یاسایەك دەردەچێت بۆ قەدەغەکردنی دیارەی ژن بەژنو بەشودانی کچی بچوكو ژن دان بەرامبەر تۆڵەی خوێن.

گەرچی ئەم بڕیارانەی کەلەسودو قازانجی ژناندا دەردەچن لەکوردستاندا، زۆر بەهێواشیو لەسەر پشتی کیسەڵ بەرێچوەدەچن، بەڵام مایەی دەستخۆشیو وەرچەرخانێکی گەورەی دابونەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە. هەرکەسو هەر مامۆستایەکی ئاینیش هەستێت بەم مارە بڕینانە بەپێی یاسا سزا دەدرێت کەئەو سزایەش لەغەرامەی پارەوە هەتاوەکو بەندکردنیش بگرێتەوە.

هیودارام ئەم مەسەلەیەش پڕ مژدەترین پێنشیار بێت کەببێتە دیاری بۆ 8ی مارسو بکرێتە گوڵە یەخەیەکی سورو بدرێت لەیاخەی ژنانی وڵاتەکەم.

شادمانم کەئیدی پیاوە ( ئازاکانی ) خێڵ ببینم تورەیی دایان بگرێتو نەتوانن بەهەوەسو میزاجی خۆیان یاری بەچارەنووسو دوارۆژی کچە بچوكو جەحێڵەکانی خۆیان بکەن!!

خۆشحاڵم کە لەمەودوا فرمێسکی تەڕی هەندێ لەو کچە ناسکانە نابینم کەبەبێ خواستی خۆیان دەیاندەن بەژنو دەبنە قوربانی براو نێرەکانی نێو خێزانەکانیانەوە.

شادمانم.. شادمان، کەئیدی لەدۆسییەکانی دادگاوە ئەو حیکایەتە سەیرو سەمەرانەی دەیانکەیتەوەو دەیانبینیت کەمدەبنەوە کەچیرۆکی زۆر سەیری لەمەڕ چارەنوسی زۆرەملێی ژنان تێدایە، بەداخەوە ئاینەدەی زۆربەیان کوشتنو خوێنو خۆسوتاندنو رەدووکەوتنی لێدەکەوێتەوە، شادمانم هاوڕێ ژنەکانم ئەی ئەوانەی کەلەژێر چەپۆکی بەزەبری خێڵدا ناوێرن چارەنوسی خۆتان لەگەڵ خۆشەویستەکانتاندا هەڵبژێرن شادومانم بۆتان...

بەڵام دڵتەنگو دڵ بەترسیشم، گەر ئەم یاسایانەش وەکو مادەکانی 58 و 62کاری پێبکرێت، هەر وەك چۆن لەبەرامبەر مادەی 62ی قەدەغەکردنی فرەژنیدا زۆربەی زۆری لێپرسراوەکانمان پابەندی ئەو یاسایانە نەدەبوونو بێباکانە ژنی دووەمو بگرە سێیەمو چوارەمیشیان مارە دەکردەوە، هیوادارم یاسا بۆ پەیڕەوکردنی گەورەیی خۆی بۆ هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ وەك یەك حوکم بکات. دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم، گەر هەموو

یاساکانیش لەبەرژەوەندی ژناندا بـن بـەس نییـە بـۆ سـەندنی مافـەکانی ژنـان خۆیـان، بـەڵکو دەبێت ژنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆیشیان بەهەوڵو یـەقینتر بـن لەسـەر بەدەسـتهێنانی مافەکانیانو بەرپەرچدانەوەی هەر بڕیارێکی زۆرە ملێـی خێڵایەتییـەوە کەدەیانکاتـە پاشـکۆو پلە دوو لەبڕیاردانیاندا.